دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب

***

ناوونیشان:
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر
س. پ. ژمارە: ١
www.araspublisher.com

کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردیی

کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردیی

کەشکۆڵی عەبدولفەتاح

لێکۆڵینەوەی

محەمەد عەلی قەرەداغی

بەرگی پێنجەم

ناوی کتێب: کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردیی - کەشکۆڵی عەبدولفەتاح - بەرگی پێنجەم
لێکۆڵینەوەی: محەمەد عەلی قەرەداغی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٤١
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: شکار شێخ عەفان نەقشبەندی
خۆشنووسیی بەرگ: هونەرمەند محەمەد زادە
پیت لێدان: نسار عەبدوڵڵا
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٣٩)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ

پێشەکی

نزیکەی (١٠) ساڵە لە دوای دەرچوونی بەرگی چوارەمی (کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردیی)یەوە، لەم پرۆژە – پرۆژەی کەشکۆڵ بڵاوکردنەوە – دابڕاوم، هەرچەند لەم ماوەدا، بەزۆریی، سەرگەرمی کارگەلێک بووم لە جوغزی ئەم پرۆژە بەدوور نین و، بەڵکو بەشێکی کارەکانم دۆزینەوەی کەشکۆڵ و ناساندنیان بەمێژووی ئەدەبی کوردیی بووە و(١)، ئەوەیش لەم رووەوە ئەنجامم داوە خۆشبەختانە بەشانازییەوە دەڵێم: کەس پێش من نەیکردووە و پەیی پێنەبردووە. هەر ئەمەیش بوو لەم ماوەدا هانی دام بۆ ماوەیەک بگەڕێمەوە سەر ئەم رێبازە و بەرگی پێنجەمی ئەم پرۆژە بخەمە بەردەستی خوێنەرانی کورد، چونکە لەم ماوەدا –وەک گوتم– کەشکۆڵگەلێکی زۆرم دیون و، هەلی ئەوەم بۆ رەخساوە وێنە و فۆتۆکۆپیی لە هەندێکیان وەربگرم و، کەرەستەی باشی بابەتەکەم چنگ بکەوێت.

ئەم کارە بۆ؟

هەرچەند چوار بەرگەکەی پێشووی ئەم کەشکۆڵە لە کتێبخانەی کوردییدا جێگەی دیاریی خۆیان گرتووە و، شەیدایانی ئەم بوارە بەنرخەوە دەیانڕوانێ، تا ئێستە ئەو کەشکۆڵانە بوونەتە سەرچاوەی گەلێ کاری بەپێزی لێکۆڵینەوە و بووژاندنەوەی سامانی کەلەپوورمان و، لەوانەیشە لەمەولایش زیاتر بایەخیان پێبدرێت و، رەنگە تا ماوەیەکی دووریش ئەم بایەخە هەر لە برەودا بێت... ئەو چوار بەرگەی کەشکۆڵ هەموو شتێک نین و، کاری کۆکردنەوەی بەرهەمی شاعیرانی کورد بەمەندە تەواو نابێت و، بۆ گەلێک کە سامانی کەلەپووریی و نەتەوایەتیی هەمیشە لەناوبرابێت و، بەری هەست و بیری رۆشنبیرانی هەر خۆراکی ئاگری کینە و رقی دوژمنانی بووبێت و، ئەوەی لەو تەنووری رقە قوتار بووبێت، دەبێ کاری تایبەتی و چەند سەرەی بۆ بکرێت، تا ئەو قوتاربوونەیش بەدەردی ئەوانی پێشوو نەچن و، بەهۆی خەم

(١) گومان لەوەدا نییە ئەوەی دەربارەی مێژووی ئەدەبی کوردیی نووسراوە مێژووی تەواوی ئەدەبی کوردیی ناگرێتەوە و، گەلێ لایەن هەیە یان پێویستیان بەوەیە زیاتریان لەسەر بنووسرێت، یان هەر هیچیان بۆ نەکراوە. چەند جاریش ئەوەم نووسیوە کە هەرگیز ناتوانین قەوارە و ئەندازەی زیانگەلێک دەستنیشان بکەین کە لە سامانی کەلەپوورمان کەوتووە، هەروەها تا ئێستەیش نەمانتوانیوە بزانین چیمان لە چنگی نەهەنگی لەناوبردن و لەناوچوون رزگاربووە و لەکوێن و لە چ بارودۆخێکدان و، ئەگەر بیشتوانین ئەم کارە بکەین رەنگە هێشتا زۆری بەبەرەوە مابێت و ماوەیەکی باشی بوێت تا بتوانین بکەوینە سەروسۆراخی شوێنەوارەکانمان لە شوێنە جیاجیاکانی جیهاندا.

لەم بوارەیشدا هەرچیم گوتووە و نووسیوە قسەی رووتی بێ بەڵگە نەبووە و، هەموو جارێک لە بەڵگەیەک زیاترم لەسەر ئەو بابەتە هێناوەتەوە کە لێی دواوم. ئەم جارەیش بەڵگەیەکی رەق و دیاری ئەوە دێنمەوە کە لەوانەیە هێشتا گەلێ شتی پڕ بایەخی دووردەستمان مابێت کە خۆمان خەمیانمان نەخواردووە و، خەڵکیش یان هەر پێیان نەزانیون یا لەبەر کاری خۆیان سەر ئێمەیان نەپەرژاوە.

نەخۆریی رۆشنبیرانەوە، لەکاتێکدا کە لە توانادایە ببووژێنرێنەوە پشتگوێ بخرێن و، ئەم زیانانەیش سەرباری ئەوانی دی بن.

ئەم ئەرکەیش کاری یەک کەس و تاقە زەلام نییە و، دەبێ هەمەگیریی و گشتگیریی بێت و، هەموو پسپۆڕان و شارەزایانی ئەم بوارە خۆیان لە عاستی ئەم سامانەدا بەبەرپرس بزانن و، هەرکەس هەرچی پێدەکرێت درێغی نەکات و، چاوەڕوانی ئەوە نەبێت، لە باتیی ئەو، کەسانی دیکە کارەکە بکەن، چونکە دەبێ بزانین گەل بەزمانەوەیە و، گەلی بێ زمان گەل نییە و، درەنگ بێت یان زوو هاوگەلەی گەلانی دی دەبێت و ناوی کوێر دەبێتەوە!

گەلی کورد کە لەم چەرخەدا رووبەڕووی ئەرکی قورس و قەبەبووەتەوە تا گیان و کیانی خۆی بپارێزێت و، وردە وردە لە گاوڵکێدایە و، دەیەوێ بکەوێتە سەرپێ و خۆی لەسەرپێی خۆی بگرێت، لە هەموو کات زیاتر پێویستیی بەوەیە زمانێکی دەوڵەمەند و رەسا و پڕ دەستەواژەی هەبێت و، بەو زمانەوە هەنگاو بنێت و بەرەو کۆڕ و کۆمەڵی گەلانی جیهان بچێت.

ئەم زمانەیش بەوە دەستەبەر نابێت کە هەرکەس لە گوێ ئاگردانی ماڵی خۆیدا چی لە باوک و دایکیەوە فێربووە – تەنها – بەوە بدوێت و بنووسێت و بخوێنێتەوە، بەڵکو تەجرەبەی گەورە رۆشنبیرانی جیهان و زانا و ناودارانیان وامان پیشان دەدات کە رۆشنبیری لێهاتوو پێش هەموو شتێک پێویستیی بەزمانێکی دەوڵەمەند هەیە تا بتوانێ لە رێگەی ئەو زمانەوە وەک شیاوە و وەک دەیەوێ مەبەست و ئامانجی بەخوێنەری باس و بابەتەکانی بگەیەنێت.

بۆ نموونە رۆشنبیر و زانایانی عەرەب موعەللەقاتی سەبعە و، دیوانی موتەنەبیی و، مەقاماتی حەریری و، چەندین شاکاری لەو چەشنانەیان خوێندووە و لەبەرکردووە.

رۆشنبیرانی فارسیش چەندین شاکاری وەک: مەثنەوی و، فیردەوسی و، خەمسەی نیظامیی گەنجەویی و، دیوانی حافظ و، سەعدیی و، کەلیم و... کێ و کێیان خوێندووە و لەبەرکردووە، ئەوسا بەزمانێکی تێروتەسەل و لەبارەوە هەنگاویان بەرەو کۆڕی ئەدەب و رۆشنبیریی ناوە.

دیارە ئەمە بۆ گەلانی خاوەن زمانی زیندووی دیکەیش پەیڕەویی کراوە و دەکرێ و کێیش بیەوێ ببێ بەرۆشنبیر و خاوەنی قەڵەمی بەبڕشت دەبێ لەپێشدا زمانەکەی مشتومالّ و سفتوسۆڵ و لەبار بکات.

ئایا ئەم خۆتەیارکردنە بەچەکی زمانی رەسا پێش چوونە ناو گۆڕەپانی ئەدەب و رۆشنبیریی، رۆشنبیرانی کورد ناگرێتەوە؟ بێگومان و راوەستان و سڵەمینەوە دەڵێین: بەڵێ.

جا ئایا کەرەستەی تەواوی ئەم خۆتەیارکردنە لەبەردەمی رۆشنبیرانی کورددایە، وەک بۆ رۆشنبیرانی گەلانی دیکە لە دەستدایە؟

لە وەڵامدا دەڵێین: هەرچەند دیوانی شاعیرانی کۆنی کوردمان لە دەستدایە کە بەدەستەواژەی وشەی رەسەن و، رستەی خۆماڵیی پڕ ئاهەنگ کەرەستەگەلی باشیان بەزەخیرەی فەرهەنگ و زمانی کوردیی بۆ بەجێهێشتووین، دوای وردبوونەوە و هەڵسەنگاندن، بەهیچ جۆرێک ئەو دیوانانە لە عاستی قەوارە و ژمارە و بوار و مێژووی کورد و ناودارانی کورددا نابینرێن.

دەبێ گەلێکی چەند ملیۆن کەسیی بەدرێژایی مێژوویەکی درێژ و پیاوگەلێکی وریا و رۆشنبیر و زانا... زاناکانی لەو چەند دیوانە بەولاوە کە لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕن بەرهەمی دیکەیان نەبووبێ؟

گەلی جار بۆ ئەم وەڵامە (نا)م بەکارهێناوە و، ئەمجارەیش بەهەمان (نا)وە کەمێک لەم عاستەدا دەوەستمەوە.

دوای کەمێک بیرکردنەوە بۆمان هەیە: بپرسین: بڕوا دەکرێ پیاوانی وەک (خانیی) و (خانای قوبادیی) و (ئەحمەد بەگی کۆماسیی) و (ئاهیی) و (فیکریی) و... دەیان و زیاتری هاووێنەیان کە تاک و تەرا لەم کەشکۆڵ و ئەو کەشکۆڵدا پارچەپارچە شیعری نایابیان دەبینین کە نیشانەی شاعیریی و بلیمەتیی خاوەنەکانیان پێوە دیارە... بڕوا دەکرێت ئەو شاعیرانە لە سەردەمی خۆیاندا دیوانی شیعری خۆیانیان نەبووبێت؟ لەوانەیە کە بڵێم: (نەء) زۆر کەس لە تەکمدا هاودەنگ بن.

جارێکی دیش دێینەوە سەر پرسیارکردن و دەڵێین: دەگونجێ ئەو هەموو شاعیرە بەیەکجاریی ئاسەواریان بڕابێتەوە و هیچیان لێ بەجێ نەمابێت؟ ئەمەیش جێگەی بڕوا نییە. لەگەڵ ئەمانەیشدا هەندێ جار بۆ ئەوە دەچم کە شاعیرگەلی وامان هەیە و هەبووە لە سەردەمی خۆیاندا ئەستێرەی درەوشاوەی ئاسمانی ئەدەبی کوردیی بوون و، لەوانەیە ئێستە ئێمە هیچ لە ناوەکانیشیان نەزانین. ئەم بۆچوونەیشم لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە مامۆستا مەلا عومەری رەنجووریی ناوی (٥٥) شاعیری کورد دەبات، دیاریشە مامۆستا لە خۆیەوە و بێ هەڵسەنگاندنی بەرهەمیان و بوونی ناو و شۆرەتیان لەو چەرخەدا، شایەتیی شاعیرییەتی بۆ نەداون و، لەرز و کۆڕی شاعیراندا ناوی تۆمار نەکردوون. کەچی کە ئێستە سەرنجی مێژووی ئەدەبی کوردیی دەدەین جگە لەو ناوانەی مامۆستا رەنجووریی تۆماری کردوون، ئاگایەکی ئەوتۆمان لە هیچ بەرهەمێکی زۆربەیان نییە. کێمان دیوانی یان بەرهەمی (باکیی بیموشی) و (مەلانوور عەلی)و (ئەحمەد دۆڵەیی) و (مەلا بایندڕ) و (عەزیزوڵڵای لوڕ) و (جانگیر) و (مەنصوور) و (تەمەرخان) و (دەدەسێوانیی) و (نەظەر) و (کاکەوەند) و (وەلی خان) و (مەلا کامی نام) و (ڕەوانیی) و (مەولانا ئیلیاس) و... چەندینی دیکە کە دەرحەقیان دەفەرموێ:

هەنی ما باقی شوعەرای کوردستان
دڵداران خاص پۆل سەرمەستان
یانە هەر یەکێ جە یەک دیارێ
عەللامەی دەور بین جە رۆزگارێ
صاحیب کەیف و دیواخانە بین
هەرکەس پەی کەسێ وێران یانە بین
حەککاک و غەواص کان گەوهەر بین
صاحیب (فەرد) و (بەیت) سەودانەسەر بین
ئەی دنیای بێ شەرط چون دار شەطرەنج
یەک یەک نمانا پێشان یانەی رەنج

هەر یەک وە رەنگێ وەندشان جە پا
خەڵتانشان کەرد نەخاک سیا
ئیستە نەمەندەن غەیر جە نامشان
غەیر جە واتەی (فەرد) نە کەلامشان
هەر ئێد مزانی چەرخ پڕ خەتەر
مەوزۆت نەدام جەوان بەتەرتەر
وەرە جە رۆی مەرگ (فەرد)ێ کەر ئیجاد
یاران دمای مەرگ باوەران وە یاد

کێمان هەواڵێ لە بەرهەمی زۆربەی ئەمانە دەزانێ کە هەریەکێکیان بۆخۆی (صاحیبی فەرد و بەیت) و شیعر و دیوان بووە و، عەللامەی چەرخی خۆیشی بووە؟

بۆ نموونە لە پارچە شیعرێکی ئەم کەشکۆڵەدا کە (صابیر) بۆ (شەفیع)ی نووسیوە، بۆمان دەردەکەوێت کە شەفیع جگە لەوەی لە گەلێ بابەتدا زانیاریی باڵای هەبووە، لە بابەتی ئەستێرەناسیدا (رەصەدساز) بووە و (مرصد فلکی) هەبووە! پێشتر کێ ئەمەی زانیوە؟

ئەمانەیش -بەزۆریی- بۆ پێش سێ سەد ساڵێک دەگەڕێنەوە، ئەی پێش ئەمان چی؟ هەرچەند ئاسۆی وەڵام زۆر تاریک و نتکە، هێشتا هیوابڕاو نین و دەڵێین: بەڵکو سووچ و کەلێن و قوشبنی وا هەبێت چەپۆکی چەرخی چەواشەی چەپگەردی پێنەگەیشتبێ و، بەرهەمی فیکری شاعیرانی هەست ناسکی بۆ پاراستبین و، رۆژێک بێت چاو و دڵی تینووی نەوەی ئەمڕۆ و دواڕۆژیان پێ گەش و روون ببێتەوە.

زۆری ئەو گلەیی و بناشتانە گلەییە لە بەختی خۆمان و، هەوڵدانیشە بۆ وریاکردنەوەی چینی رۆشنبیری ئەمڕۆمان تا چەردەیەک لە زیانی قەرەبوونەکراوە لە سامانی کەلەپوورمان بزانن و، هەرکەسیش لە توانایدا هەیە، تا بەیەکجاریی کار لەکار نەترازاوە، لە ئاستی خۆیەوە دڵسۆزانە خەمخۆری پاشماوەی ئەم سامانە بێ وێنە بێت.

وەک رێگە پیشاندانێک ئەوەی من لەم چەند ساڵەی دواییدا بۆم دەرکەوتووە ئەوەیە:

١- هێشتا بەشێکی باش لەو سامانەمان لەملا و لەولا ماوە و مەترسیی گەورە هەڕەشەی لێدەکات و، چاوەڕوانی هەڵمەتی بەپەلەی دڵسۆزانی ئەم سامانەیە تا رزگاری بکەن.

٢- دۆزینەوەی هەر کەشکۆڵ و بەیاضێکی نوێ حەجم و قەوارەی ئەو زیانەمان بۆ دەردەخات کە بەدرێژایی مێژوو لێمان کەوتووە.

چونکە کەشکۆڵێکی نوێ - خۆی کۆنە و ئێمە تازە پێی دەزانین - نادۆزینەوە ناو و بەرهەمی چەند شاعیری تێدا نەبێت کە تا ئێستە بەر بای گوێی ئێمە نەکەوتوون.

هەر لەمەیشەوە دەگەینە ئەنجامی ئەوەی هەر ناوچەیەکی کوردستان و، هەر شارۆچکە و چەند گوندێک کۆڕ و کۆمەڵی ئەدەبیی خۆیان هەبووە، با لە شێوەی رێکوپێک کراوی ئەمڕۆی ئێمەشدا نەبووبێت، ئەوەتا کەشکۆڵێک کە لە ناوچەیەکدا نووسراوەتەوە - بەزۆریی - بەرهەم و شیعری ئەدیب و

شاعیرانی ئەو ناوچەی لە خۆگرتووە و، وەک بڵاوکراوەیەکی ناوچەکە گەلێ شوێنەواریانی بۆ پاراستووین.

٣- ناوبردن و ناساندنی هەر کەشکۆڵێک و شارەزاکردنی خوێنەران لێی دەوڵەمەندکردنی ئاسۆی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەرهەمی ئەو شاعیرانەیە کە شتێک لە شوێنەواریان لە دەستدا ماوە، بەڵکو وردە وردە دیوانی شیعریان کۆبکرێتەوە.

دەبێ چی بۆ ئەم کەشکۆڵانە بکرێت؟

من سەرەتا کە بەتەنها باڵیی و سەرقاڵیی و کەم توانایی خۆمەوە دەستم دایە کۆکردنەوەی سامانی کەلەپووری ئەدەبی کوردیی، پێم لە بەڕەی خۆم زیاتر رانەکێشا و، وزە و دەرامەتی خۆم دەناسی، بۆیە گوتم: با هیچ نەبێ وا دەست پێبکەم چ شیعر و سامانێکمان نەوازە و نەناسراو و -زیاتر- نزیکە بەڵایە لەوانەوە دەست پێبکەم و(٢)، ئەوانە لە چنگ لەناوچوون دەربێنم و، لەسەر بناغەی ئەم هەست و بیرە بەرگی یەکەمی (کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردیی) لە دایک بوو.

لەو رۆژەوە تا ئەمڕۆ دنیا زۆر گۆڕاوە و، بواری ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردیی گەلێ فراوان بووە و، بزووتنەوەی چاپ و بووژاندنەوە و لێکۆڵینەوە هەنگاوگەلی بەرچاوی ناوە، لەم روانگەیشەوە ئاستی بیری من لەسەر ئەو (بناغە)ی پێشوو پێداگریی ناکات و، لە تەک رەوتی رۆشنبیریدا ئاواتەکانی گەشە دەکەن، ئەوەبوو پێش ساڵی ١٩٩٣ لە کاتی پێشکەشکردنی بەرگی چوارەمی ئەم کەشکۆڵەدا نووسیم:

«ئەگەر کات و دەرامەتی رەسا هەبوایە و، پسپۆڕ و شارەزای خۆ تەرخانکردوو بۆ ئەم کارە بڕەخسایە، راست و دروستتر ئەوەبوو ئەو کەشکۆڵانەی لێرەدا باسیان دەکەین و شتیان لێ وەردەگرین و، تا ئێستە لە بواری کەلەپووردا ناویان نەبیستراوە، بێ جیاوازیی و جیاکردنەوە، یەکەیەکە هەموویان چاپ بکرایەن و بخرایەنە بەردەستی خوێنەران و شەیدایانی ئەم بابەتانە»(٣).

خۆشبەختانە دوا بەدوای ئەم نووسینەی من ئەم بیرۆکە کەوتە گەڕ و، کەسانێکی کارامە - ئەوانەی من بزانم - قۆڵی مەردانەیان لێ هەڵماڵیی و، چاپی سەرجەمی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولموئمینی مەردۆخیی(٤) لەلایەنی مامۆستا ئەنوەری سوڵتانییەوە و، کەشکۆڵەکەی مەحموودی یاروەیس(٥) لەلایەنی مامۆستا عوسمان هەورامییەوە کەوتنە بەردەست و، پرۆژەی سەرجەمی کەشکۆڵەکەی مەحموود پاشای جافیش لەلایەنی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریمەوە بەڕێگەوەیە و، هیوادارینشین ئەمانە دوا

(٢) بڕوانە: کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردیی، بەرگی یەکەم. ل: ٧.

(٣) بڕوانە: کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردیی، بەرگی یەکەم. ل: ٤.

(٤) بڕوانە: کەشکۆڵە شیعرێکی کوردی گۆرانی، گردەکۆیی شێخ عەبدولموئمینی مەردۆخی. ساغکردنەوە و نووسینی ئەنوەری سوڵتانی، لەندەن، ١٩٩٨.

(٥) بڕوانە: کەشکۆڵی حاجی مەحموودی یاروەیس، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی عوسمان محەمەد هەورامی. چاپخانەی ئۆفسێتی بابان، ١٩٩٨.

هەنگاو نەبن و، سەرەتایەکی هاندەر بن بۆ کار و پرۆژەی گەورەتر.

ئەگەر بێت و بەدەستی گەل و هەرەوەز هەڵمەتێکی مەردانە ببرێت و، کارێکی وا ئەنجام بدرێت ئەو کەشکۆڵانەی تا ئێستە تێدا نەچوون ببووژێنرێنەوە و چاپ بکرێن و، کتێبخانەی کوردییان پێ دەوڵەمەند بکرێت، ئەوە کەرەستەگەلێک دەخرێنە بەردەستی لێکۆڵەرەوانی ئەدەبی کوردیی کە تا ئێستە لەوە باشتر لە دەستدا نەبووە و نییە و، بەم کارەیش رێگە خۆش دەکرێت بۆ کۆکردنەوەی دیوانی گەلێ لەو شاعیرانەی بەختیان یار بووە و، شیعریان لە چەند کەشکۆڵدا نووسراوەتەوە.

ئەمە جگە لەوەی کە ئەو دیوانانەی تا ئێستە بەلێکۆڵینەوەیەکی سووک و نابەکام و لاوازەوە چاپکراون دەکرێ لە عاستی کەشکۆڵگەلێکدا کە لەمەولا چاپ دەکرێن بەتێروتەسەلیی لێیان بکۆڵرێتەوە و، شیعری زیاتریان بخرێتە سەر و، هەڵە و کەموکووڕیی و ناتەواوییەکانیان تەواو بکرێت.

جا کە هات و رۆژێکی ئاوامان بەخۆمانەوە دی - بەیارمەتی خودا (بۆ ئێمەیش نەبێ) دەبینرێت و تەنها کات و کۆششی دەوێت - ئەوسا رۆشنبیرانی کوردیش کەرەستەی دەوڵەمەندی دەوڵەمەندکردنی زمانی خۆیان لە دەستدا دەبێت و بەتەیاریی و زمانپاراوییەوە دەچنە کۆڕی نووسین و گۆڕەپانی ئەدەب و رۆشنبیرییەوە.

دیاریی بەرگی پێنجەم:

منیش دوای ئەم دە ساڵ دابڕانە لە بڵاوکردنەوەی کەشکۆڵ و، دوای ئەو گۆڕانەی بەسەر بواری چاپ و بڵاوکردنەوەدا هاتووە، جارێکی دیکە خۆم - با بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت - دەخزێنمەوە ئەم بوارە و، بەدیارییەکی نایاب و، دەستەبارەیەکی شیاوەوە رووەدەکەمەوە کۆڕ و کۆمەڵی رۆشنبیران، بەهیوای ئەوەی دیارییەکەم بەهەند لێوەربگرن و، دەستەبارەکەم جێگەی سوود بێت.

دەبێ پێش دەستبەکاربوونم ئەوە لەبیر نەکەم هەرچەند لە گەلێ رووەوە بیروبۆچوونم لە بڵاوکردنەوەی کەشکۆڵدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لەو رووەوە هیچ نەگۆڕاوە کە کاتی خۆی لە سەرەتای بەرگی یەکەمی کەشکۆڵدا نووسیومە:

«... ئەبێ بەچاوی دروێنە و کۆکردنەوەی تێکڕای ئەدەب سەرنجیان بدەین، ئەمەیش وەک کاری دروێنە و خەرمان کوتان وایە؛ وەرزێر کاتێ درەوی گەنم یا جۆ دەکات سەر لەوە ناکاتەوە دەغڵەکەی چی تێدایە، دڕک و پۆڵکە و زەردەسیریی و مرۆر و... تاد لەگەڵ دەغڵەکەیا دەدوورێتەوە و هەموویان کۆئەکاتەوە، جاری وا هەیە سواڵەیەک ئەدوورێتەوە یەک گوڵی تیایە ئەویش پووچەڵە!...»

واتە: ئەم کارە کاری کۆکردنەوەیە و کاری لێکۆڵینەوە نییە و، دەبێ لەم دەرفەتەدا چیمان دەست دەکەوێت و چیمان بۆ دەکرێت بۆ کۆکردنەوەی ئەم سامانە بیکەین و، ئەم قۆناغە ئەنجام بدرێت، دوای ئەمە قۆناغی لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە دێتەکایەوە.

دەکرێ پیاوی شارەزا و کارامە چەند دیوان لەو کەشکۆڵانە کۆبکاتەوە، هەروەک دەگونجێ لێکۆڵینەوەی تەسەل و رەسا لەسەر دیوانی چاپکراوی چەند لە شاعیرانی پێشوو بکرێت.

چیرۆکی دەستخستنی ئەم کەشکۆڵە:

نازانم لە چارەم نووسراوە کە شایەتی کارەسات و رووداوی کاولکەر و خان و مان سووتێنی مێژوو و سامانی کەلەپووریی کوردیی و شوێنەواری زانایان و مامۆستایانمان بم، یان کارەساتەکان ئەوەندە زۆرن هەرکەسێ وەکو من بە شوێنیانا بگەڕێت کارەساتگەلی وەها دەبینێ کە من دەیانبینم!؟

لەو کاتەوە خەدەم داوەتە کۆکردنەوە و بووژاندنەوەی کەلەپوور و، وەک شەیدای ئەم بوار و رێبازە – بەگوێرەی توانا و کاتم – کارم تێداکردووە، لە هەر شوێنێک و لای هەرکەسێک هەواڵی بوونی دەستخەت و کەشکۆڵم بیستبێ چووم بەدەمیەوە و، ویستوومە هەواڵەکە بەدروستیی وەربگرم و، هیچ نەبێ ئەو شتانە ببینم و، بزانم چین و هی کێن. سوپاس بۆ خودا لەو رووەوە سەرکەوتوو بووم و شتگەلی باشم دیوە و، جێگەی هەوڵەکانم دیارن. ئەمەیش بەهۆی ئەوەوە بووە بۆ لای کەم مامۆستا و رۆشنبیر و خاوەن دەستخەت و کەشکۆڵ چووم کە بەدەنگمەوە نەهاتبێت و، یارمەتی نەدابم و، رێگەی سوود وەرگرتنمی لەوەی لە لایەتی بۆ خۆش و ئاسان نەکردبێتم.

لەم ماوەدا زستانی ٢٠٠٢ لە سەردانێکی کورتی سلێمانیدا بیستم مامۆستایەک هەیە چەند دەستخەتێکی لەلایە و، لەوانەیە جێگەی سوودبن. بەدەم هەواڵەکەوە چووم و، مامۆستام دۆزییەوە و، ماڵی ئاوابێت بردمیەوە بۆ ماڵەوە و(٦)، لە هەوڵ و کۆششی فرە و جێگەی سوپاسی زۆری خۆی ئاگاداری کردم و، پێی گوتم کە ساڵەکانی پێشوو لە حەفتاکاندا گونداوگوند گەڕاوە و، دەستخەتی کڕیوە و کۆی کردوونەتەوە و لەو کاتەیشەوە لای خۆی پاراستوونی.

دوای ئەم قسەوباسە نموونەی دەستخەتەکانی بۆ هێنام، بەڵام کە نموونەکانم بینی چیم بینی و چیم بەسەرهات؟ گێڕانەوەی ئەو رووداوە – هەرچەند ماوەیەکی کەم بوو – بەنووسین و گێڕانەوەی سەرپێیی و سەرزارەکی تەواو نابێت!

ئەوەندە بۆ مێژوو دەنووسم: کە مامۆستا نموونەکانی دایە دەستم و ئەمدیو و دیوێکم کردن، هەرچەند رۆژەکە لە چلەی زستاندا بوو و دنیا سارد بوو، یەکسەر لەشم کەوتە سەر ئاو و شەڵاڵی ئارەق بووم! ئەو دەستخەتە نایابانە کە بەری رەنجی مامۆستایانی کۆنمانن و، بەکۆشش و شەونخوونیی چەندان رۆژ و مانگ و ساڵ ئەنجامیان داون، لای ئەم مامۆستا، لەبەر بێ جێگەیی و کەم دەرامەتیی و بوونیان لە شوێنی خراپدا، شێیان هێنابووەوە و، وەک لە ئاو هەڵکێشرابن وایان لێ هاتبوو و، لاپەڕەکان بەیەکەوە نووسابوون و، نووسینەکان تیکەڵاو بووبوون. دەستخەتەکانیش یەک و دووان نەبوون و چیم بکردایە هیچم بۆ نەدەکرا کە لەو بارە نالەبارە رزگاریان بکەم. گەلێ لە مامۆستا پاڕامەوە و زۆری لەبەر لاڵامەوە کە بە زووترین کات شوێن و جێگەیان بگۆڕێت و بیاندات بە هەوادا و چی دەتوانێ بۆیان بکات.

مامۆستا بەڵێنی ئەوەی دامێ چی بتوانێ لە عاستیاندا بیکات و، دوای ئەوە هەندێک دەستخەت و

(٦) مامۆستا ئیسماعیلی خاوەنی کەشکۆڵەکە گوتی: ٢٠ ساڵ دەبێت ئەم دەستخەتانەم لەلایە و لەوکاتەوە تا ئێستە چەندین کەس هاتوون بۆ لام داوای ئەم شتانەیان کردووە، بەڵام رێگەی ئەوەم نەداوە کەس بیانبینێ!

کەشکۆڵی کوردیی و فارسی بۆ هێنام،، کە چاوم پێیان کەوت، بە یەکەم بینین شەیدایان بووم و، زانیم شتی باشیان تێدایە، بۆیە داوام لە مامۆستا کرد رێگەی ئەوەم بدات ماوەیەک لەلام بن و بەشێنەیی سەیریان بکەم، ئەمجارەیش ماڵی ئاوابێت، وەک گەلێ لەو مامۆستایانەی لەم بوارەدا یارمەتییان داوم، دەستی بەڕوومەوە نەنا و چۆنم ویست وا بەدەنگمەوە هات.

کە دوایی بەشێنەیی دانیشتم و سەیرم کرد بینیم لەناو ئەو دەستخەتانەدا کەشکۆڵێکی کەم وێنەی شاعیرانی کورد هەیە و، ئەم کەشکۆڵەیش سەرچاوەیەکی دیکەی –تا ئێستە– سوود لێ وەرنەگیراوی بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەب و کەلەپووری کوردییە و، ناو و بەرهەمی کۆمەڵێک شاعیری کوردی لە دووتوێی خۆی گرتووە، کە هێشتا ناویان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا نەهاتووە. هەروەها بەرهەمی گەلێ لەو شاعیرانەی تێدایە کە ناویان هەیە و شتێ لە بەرهەمیان زانراو و بینراوە، بەڵام ئەو بەرهەمانەیان لێرەدا هەن هێشتا بڵاونەکراونەتەوە.

وام بەباش زانی لەم هەلەدا ئەم کەشکۆڵەیش وەک سەرچاوەکانی ئەدەبی کوردیی دی کە خستوومنەتە بەرچاو و دەستی لێکۆڵەرەوانی ئەدەبی کوردیی، وەها بخەمە بەرچاو و دەست و بەمێژووی ئەدەبی کوردی بناسێنم.

باسێکی دەستخەتەکە:

دەبێ لە پێشدا – لەگەڵ سوپاسی چەند بارەدا – ئەوە نەبوێرم کە ئەم دەستخەتەم لەلایەن مامۆستا (ئیسماعیل کەریم سپیدارەیی)یەوە دەست کەوتووە.

تێکڕای دەستخەتەکە – ئەوەی کە ماوە – ٢٠٣ لاپەڕەیە، لە شێوەی بەیاضدا نووسراوەتەوە، بەپێوانەی (١٨×٧).

دەستخەتەکە یەکدەست نییە و، بەخەتی یەک کەس نەنووسراوەتەوە و، چەند کەس بەشداربیان لە نووسینەوەیدا کردووە، بەڵام بەداخەوە کەسیان شارەزایی باشیان لە نووسینەوەدا نەبووە و خەتیشیان خۆش نەبووە، لەبەر ئەمە هەڵەی زەق لە نووسینەوەکانیاندا دەبینرێت. هەر بۆ نموونە چەند دانەیەک لەو هەڵانە دەخەینەڕوو:

١– صفیل – لەباتی (سفیل – سەفیل).
٢– (طور کردن– تۆرکەردەن).
٣– (قضال– قطال) لەباتی (قتال– قەتال)
٤– (طرک– ترک– تەرک).

لە شوێنێکدا مێژووی نووسینەوەی پێوەیە و ساڵی (١٢٧) نووسراوە بێ نوختە کە هەڵدەگرێ (١٢٠٧) بێت، وەک دەگونجێ (١٢٧٠) بێت، بەڵام ئەمەیان راستە چونکە شیعری مەولەویی تێدایە کە بۆ مێژووی یەکەم ناگونجێت.

لە شوێنێکدا ناوی (عەبدولفەتاح)ی پێوەیە کە نووسەرەوەی دەستخەتەکەیە، لە شوێنێکی دیدا ناوی (غولام حەسەن)ی پێوەیە لە مێژووی ١٢٥٣دا، ئەم نووسەرەوە شتێکی کەمی نووسیوە. ئێمەیش

کەشکۆڵەکەمان بەناوی نووسەرەوەی یەکەم (عەبدولفەتاح) ناو نا.

ئەم کەشکۆڵە – وەک گوتم – لەناو ئەو دەستخەتانەدا بوو کە کورتەی بەسەرهاتەکەیانم نووسی. ئەمیش بەشی خۆی لە نم و شێ بەرکەوتبوو، کە هێنامەوە بۆ ماڵەوە دوو سێ رۆژ لەسەرخۆ خەریکی ئەمدیو و دیوکردن و وشککردنەوەی بووم تا نزیکی هەفتەیەکیش ئەو ژوورەی کەشکۆڵەکەی تێدابوو بۆچاڵ و بۆنی نمی لێدەهات!

ئەم شێ هێنانەوە و تەڕبوونە کاری گەورەیان کردووەتە سەر لاپەڕەکانی دەستخەتەکە و لەگەڵێ جێگەدا، کە پەڕەکانی بەیەکەوە لکاون، مەرەکەبی ئەمبەر داویەتیە ئەوبەر و، ئەوبەریش ئەمبەری بێبەش نەکردووە و، ئەمەیش کاری خوێندنەوەی ئەو دەستخەتە بەزەحمەت خوێنراوەی ئەوەندەی دی بەزەحمەت کردووە و، لە هەندێ جێگەدا لەتەک کۆنیی دەستخەتەکەدا ئەوەندە نووسینەوەکە کاڵ بووەتەوە کاتێ خەریکی خوێندنەوەی دەبی، وەک ئەوە وایە لەژێر هەوری تەنکدا بۆ مانگی یەکشەوە بگەڕێیت!

بەهەرحاڵ، بەزەحمەتێکی زۆر و شەونخوونییەکی زۆرتریش ئەمەی کە دەیبینی بۆم هێنراوەتەوە سەر رێنووسی ئێستەی کوردیی و، گومانم لەوەدا نییە کە وەک پێویست بۆم ساغ نەکراوەتەوە، بەڵام بەوە دڵخۆشم درێغییم لە عاستیدا نەکردووە و، گوێم بەماندووبوون لە رێگەی ساغکردنەوەیدا نەداوە و، مامۆستا محەمەدی مەلا کەریمیش لە ساغکردنەوەی (دیوانی خالص)ەکەدا کۆمەکیی کردووم.

لێرەیشدا ناوەرۆکی کەشکۆڵەکە دەنووسین:

ناوەرۆکی کەشکۆڵەکە

١- ئەحمەد بێگ
٢- سولەیمان
٧- شەفیع
١٦- شێخ نیعمەتوڵڵا، فارسی
١٩- شەفیع
٢١- حەسەن
٢٣- حیکایەتی شێخی صەنعان
٤٣- ئەنایی، کوردیی
٥١- وەلی دێوانە
٥١- حەسەن
٥٦- رشتەی پشتی پێغەمبەر – ص –
٥٩- حەسەن
٦١- غولامی
٦٣- شیعری فارسی
٦٦- میعراجنامەی خانای قوبادیی
٧١- رەسوول
٧٦- پارچەیەک شیعری فارسی
٧٨- حاجیی
٨٣- حەسەن – فارسی
٨٤- غولام حەسەن... ١٣٥٢
٨٦- ئەمین نەوشاد بەگ
٩١- شێخە (بیان درّ!)
٩٨- ئەحمەدی
١٠٤- ئەحمەدی کۆر
١١٦- مەولەویی
١١٨- خەسرەوخان
١١٩- کارێزیی
١٢٠- ئەحمەدی کۆر
١٢٦- نەجەف
١٣٠- بابا طاهیر

١٣٢- حەسەن
١٣٤- خالص
١٥٠- خانا
١٥٢- خالص
١٥٦- حەسەن
١٥٧- شەفیع
١٥٩- ئەحمەد بێک
١٦٣- صادق
١٦٤- خالص
١٦٨- مەولانا مصطەفا
١٦٩- دز و قازیی، بەفارسی
١٨٣- دوای دز و قازیی مێژووی ١٢٧٠ی پێوەیە، بەڵام نوختەکە نەنووسراوە و تەنها (١٢٧) ڕۆژی سێشەمەی حەوتی مانگی ڕەجەب نووسراوە.

لێرە بەدواوە پەڕەکان هەڵەوگەڕاو دانراون و ئێمەیش بەو پێیە لە نووسینی فیهرەستەکەدا گەڕاینەوە بۆ سەرەتاکەی.

٢٠٤- حیکایەتی فەقێ و جۆڵا.
٢٠١- کەلامی مەلاڕەحیم -مەولەویی-
١٩٩- حەوتبەندی خانای قوبادیی
١٩٣- شەفیع
١٨٩- ناوی نووسەرەوە عەبدولفەتاح
١٨٩- ڕۆڵەبزانی - مەلا خضر
١٨٦- مەولەویی

ئەم کەشکۆڵە چۆن بڵاوبکرێتەوە؟

وەک پێشتر گوتم تا ئێستا دوو کەشکۆڵ سەرلەبەر بڵاوکراونەتەوە و کەشکۆڵی سێهەمیش بەڕێگەوەیە. سەرنج و تێبینیم لەسەر دوو کەشکۆڵە بڵاوکراوەکان هەبووە و، هەندێ لە تێبینییەکانم لەسەر کەشکۆڵە ڕەنگینەکەی شێخ عەبدولموئمین نووسی کە مامۆستا ئەنوەری سوڵتانیی بڵاوی کردووەتەوە و(٧)، یەکێک لە کارە چاکەکان کە لەو کەشکۆڵەدا کراوە ئەوەیە فۆتۆی هەموو کەشکۆڵەکە وەک خۆی بڵاوکراوەتەوە و، بەم کارەیش خوێنەر دەتوانێ گومانی لە هەر شوێنێکی دەقە چاپکراوەکە بوو بگەڕێتەوە سەر فۆتۆکە و بەرانبەریان بکات و، ڕای خۆی لە ساغکردنەوەکەدا دەربڕێت. ئەمەیش کارێکی زۆر باشە؛ چونکە وەک گەلێ جار نووسیوومە و گوتوومە(٨) لێکۆڵەرەوە لە عاستی دەقێکی کۆنی کوردیدا کە بەڕێنووسی کۆن نووسرابێتەوە دەبێ وەک ئەوە هەڵسوکەوت بکات کە خەریکی دۆزینەوەی مەتەڵ بێت. جا کە خوێنەر دەقێکی ساغکراوە و بەڕێنووسی ئێستە نووسراوەی لەبەردەستدا بێت و، دەستی بەدەستخەتەکە نەگات ناتوانێ ڕای لەسەر هەموو شتێک دەربڕێت، وەک ناتوانێ هاوبەشی لێکۆڵەرەوە بێت و، خۆیشی بێگومان بێت لە عاستی کاری لێکۆڵەرەوەدا.

منیش لەبەر ئەم هۆیانە - هەرچەند دەستخەتەکەی لای من زۆر کۆن و پەرپووتە و هەندێ شوێنی لە وێنە و فۆتۆدا دەرناچێت - ئەم ڕێگەم پەسەندکرد و وێنەی تەواوی دەستخەتەکە لە دوای چاپەکەوە بڵاو دەکەمەوە و، بەژمارەی لاپەڕەکانیش ئاماژە بۆ شوێنی هەر پارچەیەک لە شیعرەکان لە دەستخەتەکەدا دەکەم و لە هەر جێگەیەکی چاپەکەدا (.../ف) ئەم نیشانە بوو ئەوە ئاماژە بۆ لاپەڕەی دەستخەتەکە دەکات بەو ژمارە.

تێبینی:

جگە لەوەی -وەک گوتم- لەبەر گەلێ هۆ، لە سەرووی هەموویانەوە، دەستخەتەکە کۆن و دڵۆپەلێدراو و پواوە و نووسەرەوەکانی نەشارەزا و نیمچە خوێندەوار بوون، نەمتوانیوە ئەم کەشکۆڵە بەدروستیی بێنمەوە سەر ڕێنووسی باوی کوردیی، لەوانەیە کارگەلی دیکەیش، کە جێگەی سەرنجن، لە نووسینەوەکەمدا ڕوویاندابێت، لە پێش هەموویانەوە خۆم دەڵێم:

* لە زاراوەی گۆرانیدا بۆ نووسینی (مبو- مەبۆ) هەندێ جار ئاڵۆزیی دروستدەبێت؛ چونکە لەم زاراوەدا ئەم وشە بە دوو جۆر گۆ دەکرێت:

یەکەم: ئەگەر بۆ (نەفی) بڵێین (نمبو-نمەبۆ) ئەوا بۆ (ئیثبات) دەڵێین (مەبۆ).

(٧) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغیی، گەشتێک بەکەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولموئمیندا، (ئەم وتارە دووجار بڵاوکرایەوە) جارێک لە ژمارە ٢٥ی گۆڤاری (گزینگ)دا و، جاری دووەم لە ژمارە ١٤٦ی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێدا.

(٨) بۆ نموونە بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغیی، دیوانی وەفایی، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا ١٩٧٨، چاپی یەکەم، ل: (بیست و شەش).

دوەم: ئەگەر بۆ (نەفی) بڵێین (مبو- مەبۆ) ئەوا بۆ (ئیثبات) دەڵێین (مبۆ).

جا لەبەر ئەوەی ئەم کەشکۆڵە (کەشکۆڵە) و شێوە و زاراوەی ناوچەی جیاجیاکانی (گۆرانیی) لەخۆ گرتووە، دوور نییە ئەم لایەنە باش پەیڕەویی نەکرابێت.

* کورد کە هەندێ وشەی عەرەبیی باو و سواو و خراوە ناو زمانی کوردییەوە، بەکار دێنن هەموو بەیەک جۆرێ ناڵێن، لەوانە: وشەی (عشق) کە هەندێ دەڵێن (عیشق) و هەندێکی دی دەڵێن (عەشق) لێرەدا هەردوولایان هەیە.

* بۆ رێکخستنی بابەتەکانی ناو ئەم کەشکۆڵەیش، دەکرا و باش وابوو- زنجیرەی بابەتەکانی تێکنەدەم، بەڵام لەبەر ئەوەی کەشکۆڵئاسا نووسراوە و بابەتەکانی یەکیەتیی بابەت و بۆنەو موناسەبەیان تێدا نەبوو، بەو شێوەی ناو کەشکۆڵەکە خوێنەر هەندێک چەواشە دەبوو و، کە بۆ شیعری شاعیرێک بگەڕایەت دەبوو چەند شوێن بگەڕایەت، بۆ نموونە شیعری (خالص) لە چەند جێگەدا نووسراوە و، هەروەها شاعیرانی دیش، بۆیە ناچار بووین زنجیرەی کەشکۆڵەکە تێکبدەین و، شیعری (خالص) پێشبخەین و، ئەوانی دیش بەدوایدا بنووسین.

* دەستخەتەکە جگە لەو شیعرانەی دەیانبینی، حیکایەتی دز و قازیی بەفارسی بەپەخشان تێدا بوو، وامان نەبینی کە خزمەتێک بە کەلەپووری ئەدەبی کوردیی دەکات، بۆیە بەپێویستمان نەزانی بینووسین و، پشتگوێمان خست.

دیوانی خالیص

تا ئێستە لەسەر لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبی کوردیی، جگە لە شێخ محەمەدی کوڕی شێخ رەزای تاڵەبانیی کە نازناوی شیعریی خالیص بووە، ناوی شاعیرێکی کوردمان نەدیوە کە نازناوی شیعریی (خالیص) بێت.

لە کەشکۆڵی عەبدولفەتاحدا (٢٧) پارچە شیعر هەیە لەژێر نازناوی (خالیص)دا و، گومانیش لەوەدا نییە کە ئەم (خالیص)ە شێخ محەمەدی کوڕی شێخ رەزا نییە، بەڵام لەمە بەولاوە هیچی دی لەسەر ئەم شاعیرە نازانین و، ئەمە یەکەمجارە کە ناوی دەکەوێتە ناو ناوان. لەگەڵ ئەمەیشدا شیعرەکان یەک نوسخەن و، دەستخەتەکە کۆن و دڵۆپە لێدراوە و، نووسەرەوەکەیشی خوێندەواری باش و شارەزا نییە، بەڵام هەرچۆن هەیە ئێستە هەر ئەمە لە دەستدایە و، چۆنمان بۆ خوێنراوەتەوە و ساغکراوەتەوە وەها دەیخەینە روو، بەڵکو لەمەولا زانیاریی و شیعری زیاتری ئەم شاعیرەیشمان دەست بکەوێت و، بتوانین دیوانێکی خنجیلانەی بۆ ساز بکەین.

لێرەدا ئەوەندە دەڵێین: دوای ئەوەی شیعرەکانی ئەم شاعیرەمان یەکخست و تۆزێک لێی وردبووینەوە بینیمان لە رووی ژمارەی پارچە شیعرەکانەوە لە شیعری شاعیرەکانی دی زۆرترە. کە لە رووی ناوەرۆک و بابەتی شیعریی و مانا و مەبەستیشەوە سەیری دەکەین دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئەم شیعرانە زۆر سەرکەوتوون و لە خانەی قوتابخانەی شیعری مەولەوییدان و، خالیص بەتواناوە شان لە شانی مەولەویی و هاوشانانی دەدات... بۆیە ئەم شیعرانەمان لە سەرەتای ئەم کەشکۆڵەوە دانا.

-١-

(١٣٤/ف)

دەردەکـــەم دەرمـــان دەردش دووچارەن
مـــەردەنیم فـــەرزەن ژیانم ژارەن
پاســە مــەعلوومــەن قــەدر زەمــانەم
نە مــەندەن جــە لام هەرەس وەیانەم
دڵ جـــەی بابەتە فـــرێ منالۆ
نازداران پەنەم مـــواچان خـــالۆ
من کـەی خـالۆ بیم؟ خـالۆتان مـرۆ!
ئەی خـالۆ تاڵان خـالۆتـان کـەرۆ
من جـەی وەر نامم خـەیلێ عـەزیز بی
جـە زبانتـان تەمـام لەزیز بی
ئیسـە نامـەکـەم پەی چێش پەنهـان بی؟
جـە لاتان خـالۆ ویرد زوبان بی

خـوداوەند ئەی حـەق لێـتـان بسـتـانۆ
کـوورەی نار عـیـشق پێـتـان بنمـانۆ
بزانـان خـــالۆ دڵ پـەســـــەندیدەن
یاخـۆ ناپەسـەند چوون مـووش سـفـیـدەن
قـــەســـەم وە خـــالان دانە دانەتـان
وە تاتـای زوڵفـــان دانەی شـــانەتـان
هـەرچـەنـد وە خـــــالۆ بـوەران نـامم
جـــە نێـم نیـگاتان نـۆ مـــبـــۆ زامم
خـالۆ مـەر وەخـتێ هەوای خـالۆتـان
نەسـەر بەرکـەرۆ نەخـاک بۆ خـەڵتـان
(خـــالۆص) بنـاڵە بگرەوە پەی وێت
دیتـــە نازداران خـــالۆ مـــاچان پێت!
مـەر وەخـتێ شـادیم ئەی خـەمـە مـالۆ
هـەنـی نـازداران نـەواچـۆ خـــــالۆ

-٢-

(١٣٥/ف)

سـاقـیی بۆ بەعـیـشق پیـر مـەیخـانە
بەو بادەی بێـغـەش جـام مـەسـتـانە
وە قـەترەی صـافی ئەو پیـالەکـەت
بماڵ ژەنگ دڵ پەشـێـو حـالەکـەت
پەشـێـوەن حـالم نەپای بێکەسـیی
حـەقـدارم تۆنی، تۆ وە من کـەسی
مـازە بەربشـۆ گـیـانم وەزەلیل
پەنـام ئـاوەردەن هەر وە تـۆم دەخـیـل
چەم وە ئیـشـارە جـام وە دەسـتـەوە
چون طاوس مـەست وە مـەست مـەسـتـەوە
نە بیـسـات بەزم مـەجلیش ئارای مـەی
تـۆ بـدەر بـادە مـن واچوو: ئـۆخـــەی!

(١) لە بەرگی یەکەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە رێگەی دەستخەتەکانیانەوەدا باسێکی خاڵۆ و خاڵ و ...م کـرد، ئەم بابەتەیش لەو بابەتانە دەچێت لەوێ ئامـاژەیان بۆ کـراوە. (بڕوانە سـەرچاوەی ناوبراو ل: ٢٣٢).

نەو بادە و نەو دەست نەو لەنجـــەولارە
نەو شـــەوق و نەو رەقص دڵ پێ ئاوارە
(خـالۆص) دەردەکـەش خـاص جـۆش باوەرۆ
سەر فنجانەی خەم خاص - خاص نۆش کەرۆ

***

-٣-

(١٣٥/ف)

کـــردەی کـــردەکـــەم دەورانم تـەندەن
نامـەی نەومـێـدیی صـالۆحـیم وەندەن
خـــەیاڵ مـــاضـــیی دەورەکـــەی دەورم
مـــەزەی شـــەبابەت تـوور پڕ جـــەورم
بیـیـەن وە باعـیث شـەوق و زەوقـەکـەم
نەزا و مـــەجلیس ئەهل ســـەوقـــەکـــەم
پاسـە مـەعلوومـەن رای نەجـات بەسـتـەن
نە (یوم الحـســاب) مـیـزانم پەسـتـەن
مـــــەر ئەو ئایەکـــــەی (لاتـقـنطو)دا
پەردەی حـــیـــجـــابم باوەر وە روودا
بـــاوەرووم وە بـــەر... پـــەی پـــەی
مەی گـێج عـومـان عـیـصـیـان (پرو) پەی
وەرنـە بـازیم وەرد، بـینـاییـم کـــۆر بۆ
دڵـەکـــەم لـەتـلەت زەخـم ســـاتۆر بۆ
ئـاخـــر وە رەزای ئەو کـــەردم بـازیی
ئیـــســـە رەزاکـــەش بی وە نـاڕازیی
ئەی خـودا سـا مـەرگ کێ مکەرۆم چار
نمـــەز وەلای کـــێ بـــوەروون هـــاوار؟
جەی شـەرمـەندەگـیی چێش دەروو جەواب
چێش واچوو نە وەقت عـەطا بۆ صـەواب؟
(خـــالۆص) بنـاڵە وەی مـــاجـــاراوە
وەی دام تەلبـــیس فـــانیی ســـەراوە
ئەو سـەردارەکـەی شـافـیع مـەحـشـەر
پرسـۆ: چێش مـاچی؟ خـاکت بۆ وە سـەر!

-٤-

(١٣٦/ف)

سـفـارشنامـەی لوطفـەکـەت یاوا
سـەرم نە پای چەرخ هەفـتـەمین سـاوا
ڕەوییـەی بزورگـیـیت وەجـا ئاوەردەن
وەی خدمـەت ئێمـەت سەرئەفـراز کەردەن
[توت!] طەڵەب کەردەن جە رووی مەیلەوە
نەی قـەیس قـەدیم جـا دوجـەیلەوە
ئەروام وەپێـشـواز ئەی شـەهەنشـا بۆ
دیدەم وەسـەر گـەرد چاشنەی غـەزا بۆ
سـا چون عـازیمەی ئەی لوطفـە پێم بۆ
خـاصـەن جـەی شـادی شـیـوەن خـدێم بۆ
بەڵکم نە هەوای سەرمەشق نەمـای عـەشق
تەشـیـرێ جـەوشین باوەرۆ سـەرمـەشق
تا (خـالص)ەکـەی دڵ نە خـەم مـەحکەم
جە دەست عـیـصـیـان دایم هەرس نە چەم
خـەلاص بۆ نە فـیـکر پەژارەی دەروون
شـا بـۆ وە دیـدار یـار بـێ نموون

-٥-

(١٣٧ /ف)

شـرینەن زوڵـفـان پەروەردەی گـوڵاو
گـا کـرژەن گـا لوول، گـا خـامـەن گـا خـاو
کـڵاڤـەن، نەرمـەن، دێزەن، قـەترانەن
پڕ پێـچـەن، صـەفـەن، سـەهمش گـرانەن
دامـەن راگـیـرەن، تەرسـای دیرتەن
نە ئامـاو لواش شـێخ نەگـیـرتەن
سـەراوێز نە دۆش سـیـامـارانەن
ئەوان سـیـامـار جـە خـوانخـوارانەن
واوەیلا پەرێ مـەجنوون بەخـتـانەن
هەرەس پەی یانەی زامـەت سـەخـتـانەن

(خـالص) جـەی زوڵـفـان دڵ ئاهرینەن
چون ئازیز مـەردان هەر نەگـرینەن

***

-٦-

(١٣٧/ف)

بەرگ ئازیـیـەت قـەڵاخـیی کـاڵان
هەرچەند قـەڵاخـەن لایەق بەو باڵان
شـەوق ئازیـیـەت ها بەو کـاڵاوە
بەڵا وە شـەرتێ هەر وەی باڵاوە
شـیـوەن ها وە ناز هەرس و غـەمـزەوە
واوەیـلا وەنـای هـەزار رەمـزەوە
کـڵـفـان زوڵـفـان وێش پارە کـەردەن
مـناش مـکەردی ئـازیـزش مـەردەن
هەر دان وە سـەردا زێوەر منمـانۆ
نموونە جـە دەست نەقـقـاش مـسـتـانۆ
ڕووی جـەمین وە هوون زەرب دەسـتـەوە
ڕازیان وە رەزن دڵ پەی قـەسـتـەوە
منمـانۆ وە چەشن هوون وە بەرفـەوە
نەک زەرەر رەسـان بەرف صـەرفـەوە(!)
(خـالص) ئازیزت پەرێت بی وە سـەیر
ئەروای جـەنازە داخڵ بۆ وە خـەیر

***

-٧-

(١٣٨/ف)

لاحـەول پـەی دیـدەش
شـەرتەن بواچەن لاحـەول پەی دیدەش
پەی [أثرو] مـوژان وەناز کـەشـیـدەش
وارانەن نەجـۆش دڵەی خـەم دیدەش
ئـاخـر نـیـگـاکـەن یاران دینیی
کێ دییـەن شـێـوەن وەی نازەنینیی؟

نه مـەطلـەب نه سـۆز سـینەی بەرینەن
نه شـــیـــرینی وێش... شـــیـــرینەن
ڕازانـــش پـــەردەی دڵ مـــکـــاونـــۆ
وه ئاه و نالەی سـەنگ مـتـــاونۆ(!)
پەنهـــان کـــەردەن مـــاه وه ئەثر جـــەمین
چون دانەی مـروار نه مـابەین [جـەبین!]
ئای ئای نەی شـــێـــوەن ولات بێ بریان
قـــیـــامـــەتش کـــەرد ئەی چەم گـــریان
(خالص) بەختەکەت خاص سەر نەخاوەن
نـــەی شـــین پـــڕ نـــاز ذەوقـــت بـــلاوەن

***

-٨-

(١٣٩/ف)

میرزام تۆر کەردەن

شـــاباز شـــادیی جـــەلام تۆر کـــەردەن
پارچەبەند نەپا جلغـــۆ نەگـــەردەن
تەشـــریف وه یاتاخ بێ مـــەیلیی بەردەن
مـایەی وەفـا و مـەیل نەمـەندەن جـه لاش
کـــەناره کـــردن جـــه نشین کـــو جـــاش!
چەند مـــلاونۆش قـــووقـــوو مکەرۆ
وه راگـــەش توعـــمـــەی غـــەزا مـــوەرۆ
فـــێـــشـــتـــەر دەڵ مـــبـــۆ نه دیدارمـــان
نێش مـــدۆ نه ئێش دڵەی خـــارمـــان
کـــۆ خـــێـــر ئەندیشێ نەرای خـــێـــر وێش
صـــەییـــاد خـــاس بۆ فـــامێ ببـــۆ پێش
ڕام کـــەرۆ بـازم چون جـــەی وەرتـەرین
پەی چەش و چەشـتـەی شیرینی شیرین؟
خـــیـــلاف خـــەلەت رای مـــازی کـــەرۆ
هـــەنـــی بـــاز بـــازیـــی بـــەدان نـــەوەرۆ
نەک جـــه ناسکیی طەبع شـــەریفش
نەلەنجـــۆ لەنجـــەی عـــیـــشـــوەی زەریفش

نـه هـەوا و هەوەس دەور ســـــــەیـرانـش
جـــه نیـــمنیگای ناز دیدەی جـــەیرانش
بگنۆ وەدەست نـاشـــیی صـــەییـــادێ
نابەڵەد جـــه باز خـــاتر نـاشـــادێ
بێ لانه و قـــوشـــخـــان ئەبلەی نادانێ
خـــەرمـــوهره نه جـای دانەی لاڵ خـــوانێ
بـەتـەرەف کـــــــــەرۆ بـاز تـەڕلانم
[بوزو و بینی!] لانه و قـــوشـــخـــانم
همـــــه! شکار هەم ســـەردەنەچیـــر بۆ
بێ قـــەدر و قـــیـــمـــەت خـــان و وەزیر بۆ
چون عـــوقـــاب خـــام هەنی بنمـــانۆ
تەجـــرەبەی کـــەبک کـــەشف نەزانۆ
(خـالص) جـەی بابەت دەروونش خـارەن
باز تـۆرش کـــەردەن نـاشـــیی شکارەن
گـــــۆش مـــــەدۆ وه راز نـادانـان دێر
دەورش بێـــداده مـــەگنۆ جـــه ســـێـــر

***

-٩-

(١٤٠/ف)

جه تۆی دڵ سەردا

دیســـان ئارەزووت جـــه تۆی دڵ ســـەردا
خـــەیالت ئاهیـــر نەجـــەســـتـــەم وەردا
ئێش گـــیـــانکێـــشـــان مـــەردەن خـــەبەردا
مـــیـــراو ســـەرجـــۆی دەروون هوونڕێز
خـــەریکەن وه دەست شـــەلکەی ســـەراوێز
وازو کـــەشت بەرز شـــادیم خـــەراو کـــەرد
تاســـەت تاس وەنەم گـــێج ســـەراو بەرد
تەبدیلەن ذەوقم وه خـــــەرمـــــانەوه
دایم هەرس هیـــجـــر وه چەمـــانەوه
رەنگ زایەڵە و ظوڵم جـــەور دووریتـــەن
ژەنگ نک بەســـتـــەی بێ صـــەبووریتـــەن

پەستیی سەختیی بەخت پێم ئاشکارەن
پەڕ پای دەلیل پای راویارەن
نە کەس کلید حوجرەی دڵ پێشەن
نە کەس باخەبەر جەی ئێش و نێشەن
سا مەر ئەو سانیع بێ شومار صنعەت(١)
سەرمەشق عاشق کێشابێ پەڕگار
جە حاصڵ وەصڵ کەرۆمان دڵشاد
وەرنە (خاڵص) فەوت عومر تۆ زیاد

-١٠-

ئیمشەو خەم وەنەم تیپ ئاراکەردەن
غارەت یانەی شەوقەکەم بەردەن
کەیفم بێکەیفەن تاڵانش بریان
بارخانەی ذەوقش نە بێخ بارکریان
دڵ مەلوول بییەن شادیش بەتاڵەن
ئەحواڵم بێحاڵ حاڵم بێحاڵەن
دەماخم ناچاخ چاخ دوماخەن
هۆشم بێ گۆشەن فامم دوستاخەن
نەیچیی فیداتم وەخت نەواتەن
با بەیۆ صەدات سەرم نە راتەن
ئەو مەقاماتەی بە وێت مزانی(٢)
لەنجە [مورسیش!] وە ئەرواح مستانی
سابکەر ئاغاز وەقتم درەنگەن
دڵ بتاونە ئەر صەد لە سەنگەن
جە تاوی تاوان هیچ مەکەر درێغ
لەرەی نەواکەت بوڕان بۆ چون تێغ
بەڵ بە یومن تۆ فایدە دەرۆ
پەی حاڵ (خاڵص) مەنع وێش کەرۆ

(١) ئەمە لە دەقەکەدا وا نووسراوە بەڵام رەنگە هەڵەی نووسەر بێت و راست وایە (...سانیع صنعەت بێ شومار) بێت.

(٢) ئەم نیوە بەیتە لە دەستخەتەکەدا نووسرابوو: ئەو مەقاماتەی مزانی بەوێت، بەڵام بەهەڵەم زانی وەک سەرەوە نووسیم.

نوور شەو دینش وە دنیای بێ پۆ
جەی گشت عیصیانە ئینصافێ دەرۆ

***

-١١-

(١٤٢/ف)

ئیمشەو دیارەن بڵێسەم سەندەن
کووەی نار خەم دەورانم تەندەن
ئاهیر وارانەن وە دەورانمدا
گڕەن وە خەرمان بێ سامانمدا
کڵپە گرتەن دڵ وە مەحاڵاتش
نەک هەر مەحاڵات جینس ماڵاتش
یە کێ بۆ بەیۆ وەی هاوارەوە؟
وەی هاوار سەخت کەس نەدارەوە
مەر هەر تۆ ساقیی فکرێ وەی حاڵەت
بکەری وەجام دەست و پیاڵەت
ڕەشحە نەو بادەی صاف بێگەردت
بڕێزی نە حەلق بەندەی رووزەردت
خامۆش کەی ئەی نار چون نار خەلیل
وە عەطای عەمیم بێ هەمتای جەلیل
صەد جار وەسەرگەرد دەست و بادەت بۆ
هەزار گیان پێشکەش لەوح سادەت بۆ
وە قەترەی عەرەق ئەو پیاڵەکەت
(خاڵص) چاکیر بۆ نەو دەرماڵەکەت

***

-١٢-

(١٤٣/ف)

سەرعێل تۆ سووورباش خێڵ دڵانی
باخەبەر نە حاڵ دڵ خجاڵانی
مەئموور فەرمان رەزا و رەحمەتی
نەک باعیس وە ئێش سزا و مەینەتی

صـــــەد بێ بارەوەر دڵ بێ حـــــاصـــــڵم
منیش هەم داخڵ خـــێـــڵـــخـــانەی دڵم
ئەر خـــــێڵ مـــــاڵاتش بشـــــۆ وە تاڵان
پەرێ تۆ عـــەیبـــەن پەی من شـــەوناڵان
ئەی هەردە و هەوار ئەی مـــــەحـــــاڵاتە
بەد مـــەنزڵێـــوەن پەی ئەی خـــێـــڵاتە
مـافـەتەش مـاچیی وە دەست کـاڵیـیـان
دەست خـاڵیی مبی چون دەست خـاڵیـیـان
وە دەست خـــــاڵیی یـاوای بەو مـــــەنزڵ
ســـەر ئەفگەندەنی دەست پاچە و خـــجڵ
مـــوســـتـــەوفـــیی دیوان دەفـــتـــەرت وانۆ
حـــیـــســـاب مـــاڵات ســـووڕباشـــیت زانۆ
حـاکـمـەکـەی عـەدڵەن خـەبەر مـپـەرسـۆ
جـــــە بـاسی خـــــواسش کـــــوان ملەرزۆ
دەغـــــیلم ئامـــــان ســـــووڕباش دڵان
هۆشت وە خـــێڵ بۆ جـــە گـــشت مـــەنزڵان
مـــاڵات نەکـــا قـــڕ خـــێڵ پەراگـــەندە
نـەپای ئـەو دیوان بـوی شـــــەرمـــــەندە
دەســـتم دامـــانت زینهـــار صـــەد زینهـــار
وە هەوای نەفس دڵ نەکـــــەری کـــــار
نەفس هەر ئەو نەفسـەن وەختێ کەرد هەوا
پەی دانەی گـــەندم وێش کـــەردش رســـوا
فـــــــرێ نـەمـــــــاوی دەوڵـەت بـابـا
یـەکـــــســـــان بدەرۆ وە بـاد فـــــەنـا
بـا وجـــــــوود ئـانـە پـاک لـە دەوڵـەتم
وە بێ دەوڵـەتیی کـــــێـــــشـــــان خـــــەتم
وەرنە شـــەباشـــبت دۆســـتـــیی کـــەردم
یەکـــجـــا پەی بێـــشکەش ئامـــارە بەردم
جـە بێ ئینصـافـیی بێ مـووچە و بەرات
بێـــــشکەشش بـەرۆ هیچ نەدا خـــــەڵات
ئیـــــســـــە کـــــاکـــــە دڵ زەرەر ئاوەردەن

خـاطرە کـەش نالا پەشـیـمـان وەردەن(!)
هـاومـــــاڵان بارکـــــەرد یـاوان بەهەوار
ئێـــــد بی بارەوەر دەست پاچە و زگـــــار!
تاڵان تـاڵانەن نـە گـــــشت ســـــەر دیار
وەی بارخـــــانەوە جـــــەی کـــــۆنەهەوار
مـــەندەن خـــەفـــەتبـــار وە بێ پاو و دەست
وە بێ هاز و هێز نەڕووی سەرزەمین پەست!
نە کـــەس شناســـۆ نەئیلتـــیـــمـــاســـەن
نە پەنا و پەردە نە حـــاشـــا و باســـەن
نمەز چێش کـەروو نەی خـەوف و ئەندێش
خـۆ مـەرگـیش نیـیـەن باوەرۆ پەی وێش
سـەرعـێل سـا شـەرمت نەی مـاجـەرا بۆ
نەی مـــوعـــامـــەلەی نەفس و هەوا بۆ
هۆشت وە دەوڵەت مـــیـــزان عـــێل بۆ
نـەوا وە هـەوای نـەفـس پـاشـــــــێـل بـۆ
مـــەنزڵان ســـەقـــیل هەوار ناســـاز بۆ
بـێ نـەوا زەرەر رســـــــــوای طـراز بـۆ
(خاڵص) ئەیوەصیەت پەی وێش ناوەردەن
وێش نەدەست شـیـیـەن بەڵ پەی تۆ کەردەن

***

-١٣-

(١٤٥/ف)

خـــەم دەورانم تەند نمەز یە چێـــشـــەن؟
دایـەرەی دەوران دەروونم رێـشـــــــەن
چون بۆتەی زەڕگـەر مـجـۆشـۆ نە کـۆڵ
گـلـش چـڵ مـــــــــدۆ نـە دەوران دڵ
فـــەڵەک هەم کـــەڵەک خـــەم پێم رازنای
شـــــاباز شـــــادیی دڵ پـەروازنـای
وارانـەن یـاران خـــــەرواران خـــــەم
پەی جـەسـتـەی خـەسـتـەی پڕ ئێش مـاتەم
ســـا دەی فـــرصـــەتەن نەردت بشـــانە

هەر سـزا دەر پێم گـیـانم بسـتـانە
ساقیی تۆیش نەی دەم وە ئیحسان وێت
باوەر باقـیی دەی وە پیـالەی وێت
لەبڕێز بۆ قـەدەح کـێـشـۆ وە سـەردا
وە یاد ئەو کـەس دڕنەی خـەیبـەر دا
مـوطریب نەغـمـەی نەی چەنی صـەدایێ
وە نەوای شـیـرین بە وەی ئاشنایێ
سـەمـتـوور وەصـفـولحـاڵ حـەزین دڵانان!
قـەدرێ بوانە پەی حـاڵ نەزانان
دەرویش کـەف وە دەف پۆست پاسـەوە
[او مـاس فـیش بەرە وەڕووی باسـەوە!]
بـا دەنـگـت بـەیـۆ وە دایـرەوە
خـاص جـەسـتـەم بنێی وە ئاهیـرەوە
بڵێ وە ئاهیـر شـێخ کـەرد تەواسـا
قـورئان سـۆچنا زوننار شناسـا
ئاخـر ئەی (خـاڵص) پەشـێـوەن حـاڵش
خـاڵ خـاڵخـاصـان وێران کـەرد مـاڵش

***

-١٤-

(١٤٦/ف)

خاڵت خاص خاڵەن خاص پەشێوم کەرد
خـاص خـاص خـەمـانم وە خـەیاڵ ئاوەرد
خـاص بی خـەیاڵم خـاص کەرد خـەیاڵت
رسـوا و سـادەلەوح پەی نوخـتـەی خـاڵت
هەراسـان بی هەرس زوڵفـان تـاڵت
دڵ مـەلوول و زار شـەوق جـەمـاڵت
تاقـەت کـەردەن تـاق تاق ئەبرووان
مـەست (لایعـقل) سـەرای لەبڕووان(!)
چاوەکـەم - چاوم! - بینایش نەمـەندەن
ئەر مـەندەن زەڕە جـەو زەردە خـەندەن
سەوگەند بەو سورمەی پای موژەی ئەڵماس

دڵ فـاریغ نیـیـەن سـاتێ جـە وەسـواس
هەرچەند تۆ مـەیلت چەنیـمـان جـیـان
دەروون وە پەیکان دیدەت پێکیـان
تا (یوم الممـات) نێـشت ها نە جـەرگ
نیـیـەن خـەلاصـیی نەزاوەن وە مـەرگ
جـەو بۆنە دڵ وەش جـەی تیـر و نیـشـان
سـەوقـاتەن پەرێ شـار خـامـۆشـان

***

-١٥-

(١٤٦/ف)

ئەرێ هەی دڵەی خـاتر نەخـەم تەنگ!
بێ شادیی و بێ ذەوق وێنەی سیاسەنگ!
یە مـەردەت مـەردەن وەی تەور رێشـەنی
یا کـۆست کـەفـتـەن پڕ ئەندێشـەنی؟
پاسـە مـەعلوومـەن دێوانەی سـەرشـێت
پەشـیـمـانەنی جـە کـردار وێت
جـە کـول مگیـرۆ نەزاوەن مـەردەن
وە کـۆ مـیـاوۆ پەشـیـمـان وەردەن؟
بارەن بارخـانەت مـشـۆ وە مـەنزڵ
مـایەت نارەوان دەست پاچە مـاتڵ
پارچەی شـارەکـەی خـامـۆشـان مـاوا
مـاوای گـردەکـەن صـوب یا خـۆرئاوا
هامـسـەران نەو جـا بسـاتێ داران
هەرکـەس مـایەیێ پەی وێ مـداران
نمەز من و تۆ مـایەمـان کـامـەن
کـامین مـایەمـان پەسـەند عـامـەن!
ئەرێ هەی بەدبەخت تەدبیـرت چێـشـەن؟
من پەی ئەی سـەفـەر خـاترم رێشـەن!
صـەڕاف بازاڕ پێـغـەمـبـەر وێشـەن
ئەر هەی رووسـیـا جـەوابت چێـشـەن؟
نە خـەجـاڵەتیی خـۆ نیـیـەن عـارت

ئاخـر کـۆ یاوا قـەدر و مـیـقـدارت؟
چەند جار واتم پێت، چەند جار دادم کەرد؟
فـایدەش نەوی سـەختـتـەر ویت جـە بەرد!
سـا هەر خـەیاڵ کـە پەی کـاری کـەردەت
جە دەست بەرشـیـیـەن خاسـیی وییـەردەت
(خـاڵص) مـەتلـەبت نەکـەمـەند بەرشی
بینایيت کـۆر بۆ، تازە مـەکـۆشی؟!

***

-١٦-

(١٤٨/ف)

سەروەرەکەی خاص رووی دەشت مەحشەر
شـەفـاخـوای زومـرەی عـاصـیـان یەکسـەر
شـەریف کەردەی ذات یەکتـای بێهـەمتـا
شـای تاج لەولاک وەحـدییـەت مـاوا
هەر رووسـیـای جـەمع چەند یارانم!
بارکـەفـتـەی رەحـیل سـەر هەوارانم
دەست کـۆتا و پا لەنگ بینایيم کـوورەن
شـەرمـەندە و سـەفـیل هەوارگـەم دوورەن
دیـارەن دەوران کـۆچم نـە کـارەن
هەرچەند بـار سـەنگین چار ناچارەن
لابەسـتـەن ئەی کـۆچ مـبـۆ کـەردەنش
مـەنزڵ وە یاتـاخ فـانیی بەردەنش
بەڵێ کـردارم چون بێ کـردارەن
زاهیـر هامـسـەیا چەنەم بێـزارەن
سـا چون خـەجـاڵەت لای هامـسـەرانم
زار و پەشـیـۆحـاڵ سـەر هەوارانم
وە کـردەوەی وێم نیگا مـەکـەر پێم
خـەجـاڵەتیی وێم کـافـیـیـەن پەرێم
هیچ خـاسـیی نیـیـەن بارو وە شـەفـات
بار خـەجـاڵەت مـاوەروو وە لات
ئەی خـودا سا مـەرگ چێشـەن دەسـتـەڵات
کێ وە خـەجـاڵەت یاوان وە خـەڵات؟

(خـاڵص) یانە وێران کـەر بەوێت
ئیسـە چێش ماچیی دێوانەی سەرشێت؟!

***

-١٧-

(١٤٩/ف)

چمـان دیارەن شـادییم تۆر کـەردەن
خـان خـەم سـوپاش هێـرش ئاوەردەن
فـەڵەک هەم کـەڵەک چەپگەردیی بەسـتـەن
پەی کـەچیی بەخـتم ئاواتش واسـتـەن
مـوطریب بەگ ئیـمـشـەب چەنێم بسـازە
وە شـەوقـەکـەی وێت دەمێ بنوازە
ئەر صـەد بەزمـەکـە بیـسـاتش جـەمـەن
ئاخـر شـیـفـای خـەم نەوای هامـدەمـەن
سـاقـیی هامـدەمـیم مـەعـذوور بدارە
تۆیش ئەی ئیـحـسـانە پەی وێت بکارە
بەڵکە جـە نەوای شـەکـەر رێزەکـەت
نەو صـەدای شـیـرین شادیی خـێـزەکـەت
فـەڵەک ئەو کـەڵەک بەستەی تای نەیرەنگ
لادەرۆ ئیـمشـەو لە ئێمـەی[1] خـاتر تەنگ
بەرۆش پەی کـەسێ جـەو حـاڵ نەزانان
تا بـەڵکم بەحـاڵ ئێـمـە بزانان
(خاڵص) خەمەکەت ئیمشەو خاص مەستەن
مـەسـتـیش نە هەوای (یوم الست)ەن

***

-١٨-

(١٤٩/ف)

سای سەهەند سەنگ
صوبحدەم وەشەن نەسای سەهەند سەنگ
بەڵام بەشـەرتێ رەقـیب بەدڕەنگ

(١) لێرەدا دەبێ سووک بکرێت و وەک (لێمەی) بخوێنرێتەوە.

نەگنۆ [نە وەندت!] صەد هەزار فەرسەنگ
چەنی دۆست وێت بنشـــیـــای وە شـــاد
ویـەردەی ســـــــــالان بـاوەری وە یـاد
گـا نیـاز جـە تۆ گـا ناز جـە دولبـەر
تۆ پەی ئەو ســـۆزان ئەو جـــە تۆ بەتەر
هەر تاکـــە عـــومـــرت یاوا بە ئەنجـــام
جـە ســای ئەو ســەنگدا بویارای ئەییـام
ئێـدەن ســەرمـایەی ئەی دنیـای فـانیی
مـــا باقـــیی پووچەن هەرچێـــو مـــزانی

***

-١٩-

(١٥٢/ف)

دیارەن ئیـــمـــشـــەو خـــەم زۆر ئاوەردەن
شـای شـادیم فـیـرار ئیـخـتـیـار کـەردەن
ســەمـتـوور هەوای کـەللەم ســەر شـارەن
ذەوقـم تـۆر کـــــــەردەن چارش نـاچارەن
سا دەرویێش بەو عەشق بارگەی شای نەجەف
بـارە بـدەرە کـــــــەف نـە رووییـی دەف
چونکە دلەکـــــە زەلیـلەن نە خـــــەم
کـزەی کـەف و دەف نافـیـعـەن جـەی دەم
بەلکەم تەسکینیی پەرێش بـۆ حـــاصل
چیـی نـە زیـاتـر نـە خـــــەم نـەدۆ چل!
جـەزمـەی هامـســەران بەزمـشـان جـەمـەن
کـــۆسش گنۆ ئێـــد خـــەریک خـــەمـــەن
کـــەردەن وە عـــادەت دێوانەی پڕ نێش
بەزم عـــەیش وێش مـــشـنیـــۆ بە وێش
ئەز هەم خـەدەنگ کـام نیگا لێـشـــەن؟
جـە دەست کـامین خـەدەنگ دلڕێشـــەن؟
بەزمـەکـەش کـەردەن وە مـاتەمـخـانە
ســازیای تەبعش مـــوهر خـــومـــخـانە
(خالص) با وەسبـۆ بەزمـەکەت جـەزمـەن
نە پەی خەم موخلیص وەلای تۆش عەزمەن

بەل پەی شادیی و ذەوق مەگیران بیسات
ئەر پەرێ خـــەم بۆ کێ مـــیـــۆ وە لات

***

-٢٠-

(١٥٣/ف)

ساقـیی بۆ بە عـیـشق پیـالە و دەسـتت
وە نیگای شـیـرین چاوەکـەی مـەسـتت
کـــەردەم کـــە جـــامێ وە رووی نازەوە
حـەقـیـقی بەخـشـۆ وە مـەجـازەوە
من هەر غـولامـەکـەی پیـری مـەیخـانەم
کـوشـتـە و سـووخـتـەی جام مـەسـتـانەم
ئەر صـەد مـوفـتـیـیـان بکەران قـەصـتم
من مـــەیخـــوارەکـــەی رۆز (أَلَسـتم)
بێـــزارم نە زوهد تەقـــوا پەرســـتـــان
مـایلم وە دین مـەیخـانەی مـەسـتـان
تەنیـا خـالەکـەی گـۆنای یارەکـەم
سـەندەن جـە دەسـتم ئیـخـتـیـارەکـەم
هەرکـەسێ مـەیلش نیـیـەن بەو خـالە
ئـانـە کـــــافـــــرەن دینـش بەتـالە
گـێـســووش سـەرمـایەی مـایەدارانەن
ســـیـــاش رۆشنیی دل بێـــدارانەن
(خالص) بۆ وە فیدای نوختەی خالەکەش
بۆ وە پاسـەبان حـەوشـە و مـالەکـەش

***

-٢١-

(١٥٣/ف)

من دەرویێشـەکـەی بێ تەکـیـە و عـەسـام
بێ ئوستـا و مورشـید هیچ کەس نەناسام
وەعظ و فـەتوازان، عـەمـەل نەکـەردەم
[رواس پر فـــام پی چشـــە!] مـــەردەم

گـــیـــرۆدەی قـــوللەی ئەزازیلەکـــەم
پابەســـتـــەی زەلیل تای خـــەلیلەکـــەم
بـــازیـــی وەردەی دەســـت ئـــەمـــارەم
ڕابەندی شـــەشـــدەر بیـــەن دووچارەم
ســا دەروێش دەخـیـل پەشـیـمـانیـمـەن
ئەر صـەد کـە ئاخـر زیندەگـانیـمـەن
نە تەئثـیـر جـۆش سـۆز دڵەی پاک
جـە قـانیـعی وەقت ریازەت نە خـاک
هیـمـەتێ بەو عـیـشق شـای دەروێشـان
باوەرە پەی خـاک جـەسـتـەی دڵڕێشـان
بەڵ ئێـمـەش گـیـرۆ ئەو ئاه تەئثـیـر
کـەردم بێ شـۆن ببـەخـشـۆ تەقـصـیـر
(خـاڵص) تەقـصیرش خـاص بێ شومـارەن
بەڵێ ئومـێـدش عـەفـو غـەفـفـارەن

***

-٢٢-

(١٥٤/ف)

دیدە کاڵانەن.....

ســـالار ســـوپای دیدە کـــاڵانەن
نیم نیگاش قـەتاڵ پەشـێـو حـاڵانەن
یەغـمـا کـەردەی فـام دڵزوخـاڵانەن
خـاپووری یانەی مـەجنوون بەخـتـانەن
باعـیس سـزای زامـەت سـەخـتـانەن
نامـەی فـو... چەند کـەسـان وەندەن
باج نە شـۆخـەکـەی ئەرمـەنیی سـەندەن
شـێـخـەکـەی سـەنعـان وە خـەمگینەوە
پەی دینـش نـیـا دەست وە دینـەوە
پاسـە مـەعلوومـەن ئێـمـەش چون یاران
مـسـپـاروت وە دەست سـوپای پەژاران
نیـشـانەی مـەودای خـەتەرناکـەکـەش
صـۆفـار مـوژەی دڵ پێ چاکـەکـەش
تا پەڕ نیشت نە جەرگ خـەمـان دیدەکـەم

سـەرکـەردەن زووخـاو کـەس نەدیدەکـەم
مـەر وێش حـەکـیم بۆ بەر ئارۆش وە بەر
وەرنە ئەی شیفا کەفت وە رۆی مەحشەر
(خـــاڵص) بنـاڵە نـاڵەت ئەثەردا
زاریـکـە وەی ئـێـش زام خـــەتـەردا

***

-٢٣-

(١٥٥/ف)

دیســـان خـــەیاڵت نە دەروون ســـەردا
نێـــشش نێش ســـۆز نار ســـەقـــەردا
قـــرچەش قـــرچەی گـــۆشت بریان بێـــزنا
بیللا هەناســـەم مـــەحـــشـــەر خـــێـــزنا!
چون گـــــرەی ئەخگەر تەوەن تاوانەن
تاویـای تاوش ســـــەنگ شکـاوانەن
کـــزەی دەروونم صـەد فـەرســەخ مـــشـــۆ
عـــەجـــایب ئێـــدەن نەیاوان وە تۆ!
چێش مـبـۆ جـە فـەیض نوور جـەمـاڵت
یاد کـەرمێ جـە سـای گـۆشـەی خـەیاڵت
وە ئەنفـاسی خـاص مـەسـیح ئاسـاکـەت
تەسکین دەی ضـەمـیـر وێت شناسـاکـەت
بەڵکم کـزە و سـۆز سـاتێ خـامـۆش بۆ
تا (خـاڵص) تەمـای مـوژدەی سـەرۆش بۆ!

***

-٢٤-

(١٦٤/ف)

ئەر دۆسـتـەکـەی وێم مـایل بۆ وەی کـار
کـەروون ئیـخـتـیـار بتـخـانە و زوننار
هیچ باکم نیـیـەن نە (یوم الحـســاب)
کێ مـەگـیـرۆ لێم خـیطاب و عـیـتـاب؟
بەو بتـــــخـــــانەوۆ بەو زوننارەوە

بەو هەوای دەمـــاغ فـــتـــوای پارەوە
مـەکـەرۆ سـەیران تەقـوا پەرسـتـان
سـەرئەفـراز نە جـەمع زوننارووەدەسـتـان
ئەر بێ فـتـوای دۆست روو کـەردەن نە خاج
حـاجـیـیـان نەدین مـەکـەرام ئیـخـراج
ئەر جـــە دانەی خـــاڵ یارم مـــویەرۆ
فـــتـــوای دڵ نیـــیـــەن نمەز چێش کـــەرۆ
پۆســە مـوینوون فـتـوای مـوفـتـیـیـان
پەی فـتـوای یار بۆ جە رای حەق جـیـیـان
سـا خـاص هەر پاسـەن نەحـوو صـەرفـتـان
ئیـثنا عـەشـەر عـیلم تەمـام حـەرفـتـان
ببـــەخـــشـــان وە تای زوڵف یارەکـــەم
یارەکـــەی عـــەزیز خـــۆش ئەتوارەکـــەم
